ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان
وەزارەتی خوێندنی باڵا وتوێژینەوەی زانستی
زانکۆی سەلاحەدین
کۆلیژی پەروەردەی بنەڕەتی
بەشی کوردی/بەیانیان

زانکۆی سەلاحەدین-هەولێر
Salahaddin University-Erbil

# فرەزمانی و کاریگەری لەسەر گەشەی زمانی منداڵ
# ( لەتەمەنی ٢-٦)ساڵیدا

لێکۆڵینەوەیەکی دەرچوونە
پێشکەشی کۆلیژی پەروەردەی بنەڕەتی/بەشی زمانی کوردی/بەیانیان/کراوە، وەک بەشێک لە پێویستییەکانی بەدەستهێنانی بڕوانامەی بەکالۆریۆس.

ئـامادەکراوە لەلایـەن:

فریشتە لقمان حسن
ئاسودە حسین مجید

بەســـەرپەرشتی:
م.ی.بێـری یاسین حسین

شاڵی خوێندنی٢٠٢١- ٢٠٢٢

# ناوەڕۆک


| بابەت | لاپەڕە |
| --- | --- |
| پێشەکی | ١ |
| بەشی یەکەم: (فرەزمانی و ئەو بابەتانەی پەیوەستن بە دیاردەی جووت زمانی و فرەزمانی لە کۆمەڵگادا) | |
| ١-١.سەرەتا: (دەربارەی فرەزمانی و ئەو وڵاتانەی زیاتر لە زمانێك تێیاندا باوە) | ٣ |
| ١-٢.چەمك و زاراوەی فرەزمانی(کوردی عەرەبی ئینگلیزی) | ٤ |
| ١-٣.(پێناسەی فرەزمانی) | ٧ |
| ١-٤.جۆرەکانی فرەزمانی | ١٢ |
| ١-٥.هۆکارە کاریگەرەکان لەسەر دروستبوونی دیاردەی فرەزمانی | ٩ |
| ١-٦. زمانی فەرمی لە کۆمەڵگای جووتزمانی و فرەزمانی دا | ٨ |
| | |
| | |
| | |
| بەشی دووەم: | |
| (چەند بابەتێکی پەیوەست بە گەشەی زمانی منداڵ و هۆکارەکانی کاریگەر لەسەر گەشەی زمانی منداڵ) | ١٥ |
| ٢-١.پێناسەی زمان و زمانی منداڵ | ١٦ |
| ٢-٢.تایبەتمەندییەکانی زمانی منداڵ | ١٧ |
| ٢-٣.قۆناغەکانی گەشەی زمانی منداڵ | ١٩ |
| ٢-٤.هۆکارە کاریگەرەکان لەسەر گەشەی زمانی منداڵ | ٢١ |
| | |
| بەشی سێیەم | |
| (هێنانەوەی چەند نموویەکی گوتن و نووسینی منداڵ لەو تەمەنە) | ٢٣ |
| | |
| ئەنجام | ٣٤ |
| لیستی سەرچاوەکان | ٣٥ |

## پێشـــەکی :

ئەم توێژینەوەیە، کە بە ناونیشانی(فرەزمانی و کاریگەری لەسەر گەشەی زمانی منداڵ لە تەمەنی (٢-٦ساڵیدا)یە، هەوڵێکە بۆ دەرخستنی کاریگەری ئەو کۆمەڵگایانەی، کە زیاتر لەزمانێک تیایدا بەکاردێت، لەسەر گەشەی زمانی منداڵ بەگشتی زمانی منداڵ لە تەمەنی ٢-٦ساڵی بەتایبەتی، ئەم توێژینەوەیە جگە لە پوختە و پێشەکی و سەرەتایەک بۆ چونە ناو بابەتەکە، توێژینەوەکە کراوە بە سێ بەشی سەرەکی لە بەشی یەکەم باس لە هەریەک لە بابەتەکانی پەیوەست بە چەمک و زاراوەی فرەزمانی و پێناسەی فرەزمانی و جۆرەکانی فرەزمانی و ئەو هۆکارانەی کاردەکەنە سەر دروستبوونی فرەزمانی خراونەتە روو، بەشی دووەمیش تەرخانکراوە بۆ ئەو بابەتانەی پەیوەستن بە زمانی منداڵ و گەشەی زمانی منداڵ و هۆکارە کاریگەرەکان لەسەر گەشەی زمانی منداڵ، کە فرەزمانیش یەکێکە لە هۆکارە کاریگەرەکان لەسەر گەشەی زمانی منداڵ، لەبەش سێیەمیش هەوڵ دەدرێ چەند دەقێک لە گفتوگۆی منداڵان یان گوزارشتی منداڵان دەربارەی بابەتە جیاوازەکان لەو تەمەنەدا وەربگیرێت و رێژەی فرەزمانی لە ڕووی وشە و زاراوە و دەربڕیندا تیایدا دیاری بکرێت.

## ئامانجی لێکۆڵینـەوە :

ئامانجی سەرەکی لێکۆڵینەوە دەرخستنی ئەو کاریگەرییەیە، کە کۆمەڵگایەکی فرە زمان دەیخاتە سەر گەشەی زمانی منداڵانی ئەو کۆمەڵگایە، بێگومان کە باس لە کاریگەری دەکەین مەبەست لێی کاریگەری نەرێنییە، هەرچەندە ئەو باوەڕە لە ئارادابێت، کە زانینی زیاتر لە زمانێک کاریگەری پۆزەتیڤی لەسەر کەسایەتی تاک و ڕاددەی تێکەڵاوبوون و بەرزبوونەوەی ئاستی رۆشنبیری و کەلتوری هەیە، لەهەمان کات هەر زمانیک لەو زمانانەی لە کۆمەڵگایەکی فرەزماندا بەژدارن بەپێی بەهێزی و لاوازی پێگەی ئەو زمانە لە کۆمەڵگاکەدا دەکەوێتە بەر کاریگەری زمانی ڕکابەر و هەر یەک لەو زمانانە کاریگەری ڕاستەوخۆی زمانەکەیتری دەکەوێتە سەر.

## هۆکـاری هەڵبـژاردنی ئەم بابەتە:

هۆکاری هەڵبژاردنی ئەم بابەتە بە پلەی یەکەم بۆ کاریگەری ئاشکرای فرەزمانی دەگەڕێتەوە لەسەر زمان بە گشتی و گەشەی زمانی منداڵ بەتایبەتی، کە ئەمەش وەک دیاردەیەکی باوی ناو کۆمەڵگا فرەزمانەکان بەرچاو دەکەوێت و کۆمەڵگای کوردی و زمانی کوردیش بێ بەش نەبووە لەو دیاردەیە

به تایبەت لەو چەند ساڵەی دوایی، کە کاریگەری زمانانیتر(ئینگلیزی عەرەبی تورکی..) بە ئاشکرا لەسەر قسەپێکەرانی کورد بە تایبەت منداڵان دەرکەوتووە و بە ئاشکرا هەستی پێدەکریت.

ڕێبازی لێکۆڵینەوە: ڕێبازی وەسفیی شیکارییە.

گرفتی توێژینەوە:

گرفتی ئەم تویژینەوەیە لە خودی فرەزمانی و بوونی زیاتر لەزمانێکە لە ژینگەی منداڵدا، کە هۆکارێکی کاریگەر و بەهێزە لەسەر گەشەکردنی زمانی منداڵ و دەرخستنی ئەو کاریگەرییە نەرێنییەی فرەزمانی هەیەتی لەسەر گەشەی زمانی منداڵێک، کە لە کۆمەڵگایەکی فرەزمان لەدایک دەبێت و زمانەکەی گەشە دەکات.

سنووری توێژینەوە:

لە سنووری زمانی کوردی و زاری کرمانجی ناوەڕاستدایە.

# بەشی یەکەم

## (فرەزمانی و ئەو بابەتانەی پەیوەستن بە دیاردەی جووت زمانی و فرەزمانی لە کۆمەڵگادا)

### ١-١.سەرەتا:

بابەتی فرەزمانی بابەتێکی ئاڵۆزە، کاتێک باس لە فرەزمانی دەکەین مەبەست تەنها دیاردەی فرەزمانی نییە، بەڵکو دیاردەی بوونی زیاتر لە زمانێکە لە ژینگەی تاک، کە کاریگەری ڕاستەوخۆی لەسەر کەسێتی تاک بەگشتی و گەشەی زمانی بەتایبەتی هەیە، وەک دەزانین جووت زمانیش بەشێکە لەو دیاردەیە بۆیە کاتێک باس لە فرەزمانی دەکەین پێویستە سەرەتا باس لە دیاردەی جووت زمانی و کاریگەری راستەوخۆی جووت زمانی لەسەر گەشەی زمانی منداڵ بکەین.

### ١-٢. چەمک و پێناسەی جووت زمانی:

جووتزمانیBilingualism دیاردەیەکی زمانەوانییە لە کۆمەڵگایەکی زمانەوانی فرە ئەتنیکی یاخود فرە پرۆگرامی خوێندن ڕوودەدات. لەو ڕەوشە زمانەوانییە تاکەکانی یاخود ئەندامەکانی کۆمەڵگا زمانەوانییەکە کار لەسەر دوو زمان دەکەن. لەوانەیە یەکێکیان زمانی دایک بێت و ئەویتر زمانی فەرمی پێ خوێندن یان زمانی گەلی سەردەستە بێت.

(جووتزمانی لە ڕووی زاراوەییەوە لە زمانی کوردی بۆ مەبەستی بەکارهێنانی دوو سیستەمی جیاوازی زمان بەکاردێت لای تاک یان کۆمەڵگە، واتا دەشێت جووتزمانی دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی یان کەسی بێت).(شیلان عثمان،٢٠١٧:٢٥٩).

جووتزمانی زاراوەی (Bilingualism)ی بۆ بەکاردێت، کە زاراوەیەکی لاتینییە پێکدێت لە (Bi+lingual+ism)، (Bi) پێشگرێکی لاتینییە بە واتای (دوو یان زیاتر لە دوو دێت)، (lingual) بە واتای زمان دێت، پاشگری (ism) مەبەست تێیدا ڕەفتارێکی دیاریکراوە. (ابراهیم کاید محمود،٥٥)

لە پاڵ زاراوەی (Bilingualism)، زاراوەی (Diglossia)ش بەکاردێت، کە زاراوەیەکی یۆنانییە، جیاوازییان ئەوەیە کە (Diglossia) بۆ مەبەستی دوو شێوەی جیاوازی تاکە زمانێک (زمانی نووسین و قسەکردن) بەکاردێت. (ویلیام ماسیە ١٩٣٠) پێی وایە دایگلۆسیا : بریتییە لە جیاوازی و ململانێی نێوان زمانی نووسین و زمانی قسەکردن، هەروەها (چارلس فیگەرسۆن ١٩٥٩) جەخت لەسەر هەمان ڕای (ویلیام ماسیە) دەکاتەوە، بە دوو شێوەی جیاوازی یەک زمان ناوی دەبات. بەڵام

(هەرچی (Bilingualism)یا جووتزمانییە، مەبەست لێی بەکارهێنانی دوو زمانی جیاوازە جا لای تاک بێت یان دیاردەیەک بێت لە کۆمەڵگا).(شیلان عثمان،٢٠١٧:٢٥٩).

پێناسەی جۆراوجۆر بۆ جوتزمانی کراوە، بلۆم فیلد(Bloomfield)پێی وایە جوتزمانی بوونی دوو زمانی جیاوازە لای تاک. بلۆم فیلد دیاردەی جوتزمانی تەنها بە تاک دەبەستێتەوە، باسی کۆمەڵگا ناکات. هەرچی (میکنمار McNmara) پێی وایە بۆ ئەوەی تاک خاوەنی زمانی دووەم بێت پێویستە بە لایەنی کەم خاوەنی یەکێ لە کارامەییەکانی زمانی دووەم بێت.

(کارامەییە زمانییەکانیش بریتین لە ( کارامەیی گوێلێبوون، کارامەیی قسەکردن، کارامەیی خوێندن، کارامەیی نووسین). لە فێربوون و وەرگرتنی زمان کارامەیی گوێلێبوون سەرەتایەکە بۆ وەرگرتن و فێربوون، لەدوای ئەمەش تێگەیشتن دێت، ئەگەر پرۆسەی فێربوونەکە بەردەوام بێت کارامەییەکانی قسەکردن و خوێندن و نوسینیشی بەدواداێت.(شیلان عثمان،٢٠١٧:٢٥٩).

(ئەلبێرت و اوبلیر Albert a. Obler) پێیان وایە جووتزمانی بەکارهێنانی دوو زمان یان زیاترە و پێیان وایە کارامەیی زمانی لە وشەیەک دەستپێدەکات .

ئەم پێناسانەی سەرەوە لەبارەی جوتزمانی تاکەکەسییە(Individual Bilingualism)، هەرچی (محمد علی الخولی)یە پێی وایە جوتزمانی بریتییە لە بەکارهێنانی دوو زمان لای تاک یان کۆمەڵگا، بە هەر پلەیەک لە پاراوی بێت، بە هەر کارامەییەک لە کارامەییەکانی زمان بێت، بۆ هەر ئامانج و مەبەستێک بێت .(الخولی:٢٠)

(فیشەرمان لە (١٩٧٨- ١٩٧١) بازنەی دایگلۆسیا فراوان دەکات بۆ لەخۆگرتنی جووتزمانی سەربەخۆ. (جۆنسۆن ٩٧:٢٠) . فیشەرمان دووبارە پێداچوونەوە لەسەر تێڕوانینی فێگەرسۆن دەکات لەمەر تاک زمانی دایگلۆسیا و دەیگۆڕێت بۆ جووتزمانی دایگلۆسیا کە بەم شێوەیە باسی لێوە دەکات: شێوەی زمانی لاوەکی زەمینە بۆ شێوەی باڵا خۆش دەکات بۆ ئەوەی ڕۆڵی خۆی تا ڕاددەیەک لە هەموو حاڵەتە کۆمەڵییە دوو زمانییەکاندا بگیرێت، واتە ئەم زمانە دەسەڵاتێکی بەرزی لەم بارانەدا دەبێت کە تیایدا زمانی سیاسەت و ئابووری بە فراوانی دەبینرێت. ئەم تێڕوانینە کاریگەری خۆی لەسەر تێڕوانینی فێگەرسۆن سەپاند بەو ڕاددەیەی کە توانی ڕیشەکێشی بکات، فیشەرمان پێی وایە دوو جۆری جیاواز لە زمان بوونیان هەیە کە هەریەکەیان ڕۆڵی زمانی باڵا و زمانی لاوەکی دا دەنوێنن،

زمانی باڵا لەلایەن پۆلی دەسەڵات دارانەوە قسەی پێدەکرێت کەچی ئەوی تر لەلایەن کەسانی سادە و لاواز.

فیشەرمان دووجۆر لە جووتزمانی هێنایە کایەوە کە ئەمانەن:

١.جووت (دوو) زمانی تاکی کە بە دیاردەی زمانەوانی دەروونییەوە وەسف دەکرێت.

کریستاڵ (١٩٩١،٣٠-٨) و جۆنسۆن(١٩٩٩ :٣٠-١) باوەڕیان وایە کە لە بیری هەر تاکە کەسێک دا دوو جۆر زمان بوونیان هەیە کە تاکەکەس دەتوانێت بە یەکسانی فێریان بێت و کۆنترۆڵیان بکات.

٢. جووتزمانی کۆ- زمانەوانی ئەم جۆرەیە کە کۆمەڵگادا بڵاوە و بوونی هەیە بەڵام مەرج نییە هەموو تاکێکی ئەم کۆمەڵگایە خاوەن جووت زمان بن.

دیاردەی زمانەوانی دەروونی زیاتر بڵاوە وەک لەوەی دووەمیان بە تایبەت لە نێو کۆمەڵی کوردی دا وەک ئەوەی لە دانیشتوانی کوردی بەغدا دا دەبینرێت ، تاکی کوردی هەر لە منداڵییەوە فێری زمانی دایک دەبێت و لە دەرەوەش بەرە بەرە فێری زمانی دووەم دەبێت، بەم شێوەیە هەردوو زمانەکە بە جوانی فێردەبێت بێ ئەوەی تووشی هیچ گرفتێک ببێتەوە. بەم شێوەیە دەتوانین بڵێین کە تاکی ئەم ناوچەیە کەسانی خاوەن جووت زمانن. بە پێچەوانەوە لە شاری کەرکوکدا ژمارەی ئەو کەسانەی جووتزمانن زۆرکەمترە ئەمەش بە هۆی ئەو دەرفەتە کەمەی پێیان دراوە لەمەر قسەپێکردنیان لە دام و دەزگا حکومی و قوتابخانەکاندا، لێرەدا چانسی فێربوون و قسە پێکردنی زمانی کوردی بە شێوەیەکی گشتی زۆر کەمە و تاکی کوردی بە زەحمەت فێری دوو زمان دەبێت بە شێوەیەک بتوانێت وەکو یەک کۆنترۆڵیان بکات).(سەلام ناوخۆش،٢٠١٠:١٧).

کەواتە زمانی دووەم مەرج نییە بە شێوەیەکی پاراو لای تاکی خاوەن جوتزمان بوونی هەبێت، دەشێت تەنها تێبگات، دەشێ بتوانێ قسەی پێبکات، یانیش توانای نوسین و خوێندنیشی هەبێت، جوتزمانی دەشێ دیاردەیەکی باو بێ لە کۆمەڵگا و زۆربەی تاکەکان تێیدا بەشداربن، دەشێ دیاردەیەکی تاکەکەسی بێ و تاکەکەس بۆ مەبەست و ئامانجەکانی خۆی فێری ببێت یان خێزان و کۆمەڵگا بەسەریدا سەپاندبێت. ڕاددەی پاراوی کارامەییەکانی زمان بەندە بە تەمەنی وەرگرتنی زمانی دووەم یان شێوەی وەرگرتنی زمانی دووەم .

## ١-٤.جۆرەکانی جووت زمانی:

یەکەم: جووتزمانی هاوکاتی:-

لەم جۆرە جووتزمانییەدا هەردوو زمان لە یەک کاتدا فێردەکرێن. ئەوە پرۆسەیەکی گرانە، چونکە فێربوونی دوو زمان لە یەک کاتدا سەر لە منداڵ دەشێوێنێ، هەتا ئاستی زیرەکی دادەبەزێنێ. ئەو منداڵە یان فێرخوازەی لەو ڕەوشە زمانەوانییە دەژیت هەرگیز هەست بەوە ناکات کە لەماڵەوەیە، بەڵکو هەردەم وا هەستدەکات کە لەناو دوو کەلتوور دەژیت.

دووەم: جووتزمانی زنجیرەیی:-

لەم جۆرە جووتزمانییەدا فێربوونی دوو زمانەکە بە دوو قۆناغ دەبێت. یەکێکیان تەواو دامەزراو دەبێت، ئەوجا دەرفەتی فێربوونی ئەویتر دێت. ئەم جۆرەیانزۆر ئاسانترە لە هی یەکەم چونکە دەرفەت، تەمەن هەتا ئاستی زیرەکی بە فێرخوازەکە دەدرێت.

سێیەم: جووتزمانی پەروەردەیی:-

ئەم جۆرە جووتزمانییە تەواو ڕەها نییە بۆ هەموو فێرخوازەکان، بەڵکو تەنها چەند پرۆگرامێکی پەروەردەییە بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی زیرەکی و کارامەیی بەکارهێنانی دوو زمان لە نێوان فێرخوازاندا لە قوتابخانەکانی بەهرەداران یان نموونەییەکان ئەو جۆرە پرۆگرامە پەیڕەو دەکرێت. لە کۆمەڵگای زمانەوانی هەولێردا لەناو گروپە ئەتنیکییەکانی هەولێردا هەرسێ جۆری جووتزمانی هەریەکە لە ئاستێک، ئامادەگی لە دام و دەزگای پەروەردەیی و حکومی دا هەیە. بێگومان زمانی کوردی لە هەموو قوتابخانەکانی هەولێردا هەژموونی خۆی هەیە چونکە زمانی پێ خوێندنە. قوتابییە تورکمان و مەسیحییەکان ناچارن کە لە قوتابخانەکانیان لە پاڵ زمانی نەتەوەیی خۆیان زمانی کوردی بخوێنن. ئەم دیاردەیە زیاتر لە قۆناغی سەرەتایی ئیشی لەسەر دەکرێت. لە سەردەمی دەسەڵاتی عەرەبیدا، عەرەبی جێی زمانی کوردی گرتبۆوە. هەردوو زمانی تورکمانی و سریانی لە قوتابخانەکان نەدەخوێنران، بۆیە (کورد، تورکمان، کلدانی، ئاشوری) ناچاربوون زمانی عەرەبی بخوێنن. ئەو پێ خوێندنەی دەسەڵاتی عەرەبی بۆ دروستکردنی کۆمەڵگایەکی یەک زمانیی و یەک

کەلتووریی بووە، هەرچی ئەوەی دەسەڵاتی کوردییە زیاتر بۆ مکوڕبوونی کەلتووری کوردستانییە، چونکە کەمە نەتەوەییەکانی ژێر دەسەڵاتی کوردی تەواو ئازادن لە بەکارهێنانی زمانی خۆیان لە خوێندن و نووسین و ڕاگەیاندندا.(ئیسماعیل زارعی،٤١:٤٠:٢٠٠٧).

## ١-٥. چەمک و پێناسەی فرەزمانی:

(فرەزمانی Multilingualism لە کۆمەڵگەیەکی فرەنەتەوە و فرەزماندا هەیە. لە ئەوروپا و لە سویسرا و بەلجیکا و هەتا ئیتاڵیا ئەو دیاردە زمانەوانییە لەبوار و ڕەوشی جیا جیا هەیە. بە واتای لەوێ مەرج نییە ئەم دیاردەیە لە یەک دام و دەزگا هەبێت). (سەلام ناوخۆش،٢٠١٠:٤١).

(لە (سۆریس)ی ئیتاڵیا خەڵکی ئەوێ هەرسێ زمانی ( ئیتاڵی و فرولیانی و ئەڵمانی) بەکاردێنن بەڵام هەریەکەی لە شوێنی خۆی. ئیتاڵی زمانی ئایین و خوێندنە، زمانی ئەڵمانی تەنها زمانی ماڵەوەیە، هەرچی زمانی فرولیانییە تەنها زمانی پیاوەکانی بارە ناوخۆییەکانە !).(سەلام ناوخۆش،٢٠١٠:٤١).

(ئەوەی لە کۆمەڵگەی ئاخاوتنی (speech community) هەولێر هەیە بەو جیاوازییە نییە، چونکە هەتا زمانی عەرەبیش تەواو زمانی ئایینی نییە، بەڵکو هەتا لە گوتاری

هەینیش، جگە لە نوێژکردن، گوتار و نزاکان بە هەردوو زمانی عەرەبی و کوردین. هەروەها لە خوێندن هەر تەنها زمانی کوردی زمانی پێ خوێندن نییە، بەڵکو زمانی ئینگلیزی و عەرەبیش لە پرۆسەی خوێندنی قوتابخانە کوردییەکان هاوشانی زمانی کوردین. بە جۆرێک لە قوتابخانەی بەهرەداران و نموونەییەکان زمانی ئینگلیزی زمانی سەرەکی خوێندنە، نەک کوردی یان عەرەبی! هەرچی لە قوتابخانەکانی تورکمانییە ئەوە خوێندن بە تورکمانی، کوردی، ئینگلیزی، عەرەبییە، لە قوتابخانە سریانییەکانیش بە ئینگلیزی، سریانی، کوردی، عەرەبی دەخوێنرێت).(سەلام ناوخۆش،٢٠١٠:٤٢).

(مەسیحییەکان لە ماڵ و کەنیسە تەنها زمانی سریانی بەکاردێنن، هەرچی تورکمانەکانن تەنها لە ماڵ بە تورکمانی قسەدەکەن، بەڵام لە مزگەوت نوێژ بە عەرەبی دەکەن. لە دام و دەزگاکانی حکومیش بە زۆری بە کوردی قسەدەکەن! ).(سەلام ناوخۆش،٢٠١٠:٤٢).

## ١-٦.زمانی فەرمی لە کۆمەڵگای جووتزمانی و فرەزمانیدا:

(لە کۆمەڵگای جووت زمانی و فرەزمانیدا سەپاندنی  تاکە زمانێک یان چەند زمانێک پەیوەستە نەک هەر بە ڕەوشتی ئەتیکی و سیاسی وڵاتەکە، بەڵکو بە بیرکردنەوەی تاکە جوداکانی ئەو          وڵاتە هەروەها ئینتیمای نیشتیمانی بۆ وڵات و دەستووری وڵات و سیاسەتی دەوڵەت لە بەرامبەر تاکەکانی وڵاتدا).(ناوخۆش،٢٦:٢٠١٠).

(لە کۆمەڵگەی مالیزیدا سێ نەتەوەی دین جودا و زمان جودا دەژین، (مالیی، چینی،هیندی) زمانی هەریەک لەو نەتەوانەش چەندەها زاریان هەیە، زمانی مالیی کە نەتەوەی زۆربەن (دە) زاری هەیە، چینەکانی مالیزیا بە (شەش) زار و شێوەزار دەدوێن، هەرچی هیندییەکانی ئەو وڵاتەن ئەوا بە حەوت زمان و زار و شێوەزار دەدوێن).(سەلام ناوخۆش،٢٠١٠:٢٦).

(زمانی مالیی لەو وڵاتە فرە نەتەوە و کەلتوورەدا زمانی نیشتیمانی و فەرمییە، بە حوکمی ئەوەی ئەو وڵاتە وڵاتێکی تەکنەلۆژییە، بۆیە زمانی ئینگلیزی زمانی ناچارییە لە قۆناغی سەرەتایی و ناوەندی و دواناوەندی و هەروەها لە هەموو زانکۆ ئەهلییەکاندا هەروەها لە زۆر بواردا زمانی ئینگلیزی زمانی لینگوای فرانکای کۆمەڵگەی مالیزییە. حکومەت کە بەدەست زۆربەی موسڵمانی مالیی دایە، بە پێچەوانەی هەموو حکومەتە عەرەبییەکانی جیهانی عەرەبی کار لەسەر تیرۆرکردنی زمانی (چینی) بوزیی و (هیندی) هیندۆسی ناکات،  بۆیە چینییەکان و هیندییەکانی ئەوێ ئینتیمایان بۆ دەوڵەتی مالیزی هەیە و زمانی مالییش بە زمانی نیشتیمانی دەوڵەت دادەنێن).(سەلام ناوخۆش،٢٠١٠:٢٦).

(لە وڵاتێکی دی وەک هیند چەندەها نەتەوە و کەلتوور و دین و مەزهەبی جودا هەن. هیند وڵاتێکە یەک ملیار مرۆڤی لێ دەژی، نزیکەی دووسەد ملیۆن ( بە قەد نزیکەی هەموو عەرەبی موسڵمان) مرۆڤی ئەو وڵاتە موسڵمانن. نە دەستووری ئەو وڵاتە نە یاساکانی هیچ پێناسەیەکیان بۆ زمانی نیشتیمانی نەکردووە هەر چەندە دەستووری هیندی لە ساڵی (١٩٥٠) زمانی هیندی بە ڕێنووسی دەڤەناگاری وەک زمانی فەرمی بڕیار دراوە، بەڵام زمانی ئینگلیزیش لە زۆر بواری گرنگی ئاساییشی نەتەوەییدا زمانی فەرمییە، ئەمە و هەر ویلایەتێکی هیندی مافی ئەوەی هەیە کە چ زمانێک لە هەرێمەکەدا بکاتە زمانی فەرمی).(سەلام ناوخۆش،٢٠١٠:٢٦).

(هەرچەندە وڵاتێکی وەک ئەمریکی کە ئەوانەی بە ئینگلیزی دەئاخڤن زۆربەی پێکدێنن ، بەڵام تاوەکو ئێستا ئەو وڵاتە زمانی فەرمی نییە. بە فەرمی حکومەت و کۆنگرێس بڕیاری بە فەرمی ناسینی زمانی نەداوە).(سەلام ناوخۆش،٢٠١٠:٢٧).

## ١-٧.هۆکارەکانی دروستبوونی جوتزمانی و فرەزمانی:

(لە کۆمەڵگا (هەروەها لای تاکیش) یش کۆمەڵێ هۆکار هەن، کە دەبنە هۆی سەرهەڵدانی جووتزمانی، کە ناکرێ بە ئاسانی دەستنیشان بکرێن، هەر لە کۆنەوە جوتزمانی بوونی هەبووە، لە کۆمەڵگای یۆنانی کۆندا بەرهەڵستی کراوە، (چونکە شارستانیەتی کۆنی یۆنانی شارستانیەتێکی تاکزمان بووە، ئەمە ئەوە ناگەیەنێ کە زمانی تر نەبووە لەو سەردەمە، بەڵام ڕێگەیان بە بوونی جوتزمانی نەداوە)).(شیلان عثمان،٢٠١٧:٢٦٠) .

بە شێوەیەکی گشتی جوتزمانی لە ڕێگەی هۆکاری کارا و تێپەڕینی کاتێکی زۆر دروستدەبێت واتە بە شێوەیەکی لەناکاو نییە و بە سالێک یاک دوو ساڵ دروست نابێت بەڵکو کاتێکی زیاتری پێویستە تا کۆمەڵگە ئەو زمانی دووەمە وەربگرێت جا بە شێوەی ئەرێنی بێت یان نەرێنی.وە ئەو هۆکارانەی کە کاریگەرییان هەیە لەسەر دروسی بوونی جووتزمانی بریتین لەم هۆکارانەی خوارەوە:

١.کۆچ و کۆچی بەکۆمەڵ.

٢.داگیرکردن و دەستبەسەرداگرتن.

٣.ژن و ژنخوازی.

٤.بیروباوەڕ و ئایین.

٥.بەفەرمی کردنی زمانی دووەم.

٦.جیهانگیری و ئابووری و ڕۆشنبیری.

٧.خوێندن.

**١. کۆچ و کۆچی بەکۆمەڵ:** بە درێژایی مێژووی مرۆڤایەتی کۆچ لە پێناو مانەوە لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر ،لە کۆمەڵگایەکەوە بۆ کۆمەڵگایەکی تر لە ئارادا بووە، جا کۆچکردن بە شێوەی تاک بێت یان کۆمەڵ، هۆکاری کۆچیش دەگەڕێتەوە بۆ :

١.هۆکاری سیاسی.

٢.هۆکاری کۆمەڵایەتی.

٣.هۆکاری ئابووری.

٤.هۆکاری ئایینی.

٥.هۆکاری زانستی.

هەریەک لەم هۆکارانە بە ڕەچاوکردنی ئەو کۆمەڵە زمانییەی کە کۆچ دەکەن و ڕێژەی دانیشتوانی ئەو کۆمەڵگایەی کە کۆچەکەی بۆ دەکەن ماوەی مانەوەیان لە ژێر زمانی کۆمەڵگای کۆچ بۆ کراو و ئاستی ڕۆشنبیری و دەسەڵاتی زمانی کۆمەڵگای کۆچ بۆ کراو ڕۆڵیان هەیە لە هێنانە ئارای جوتزمانی).

**٢.داگیرکردن و دەستبەسەرداگرتن:** یەکێ لەو هۆکارانەی جوتزمانی دروست دەکات داگیرکردن و دەستبەسەرداگرتنە، کە بە هۆکارە کاراکان دادەنرێ، چونکە لە پاڵ هێزی زمانی هێزی دەسەڵاتیش ڕۆڵ دەبینێت، هوەک داگیرکردنی جەزائیر و مەغریب لە لایەن لەلایەن فەڕەنسا، دەسەڵاتی تورکیا و ئیران بەسەر ناوچە کوردییەکان کە بۆتە هۆکاری هێنانە ئارای جوتزمانی لەم وڵاتانە دا.

**٣.ژن و ژنخوازی:** ژن و ژنخوازی وەک هۆکارێکی کۆمەڵایەتی دەستی هەیە لە دروستبوونی جوتزمانی، (ئەم جۆرە جوتزمانییەی بەم هۆکارە دروستدەبێت بە جوتزمانی خێزانی Home Bilingualism ناودەبرێت). ئەم جۆرەی جوتزمانی کاتێک دێتە ئاراوە لای ئەو منداڵانەی کە هەردوو باوانیان زمانێکی هاوبەشیان نییە، بە شێوەیەکی گشتی زمانی ئەو باوانە دەسەڵات وەردەگرێت کە لە کۆمەڵگادا دەسەڵاتی هەیە، بۆ نموونە منداڵی دایکێکی کورد و باوکێکی عەرەب لە ژینگەیەکی عەرەبی، زمانی عەرەبی پاراوتر دەکات لای منداڵەکە، بە مەرجێ تەنها دایکی بە کوردی لەگەڵی بدوێ و کۆمەڵگە و کار و خوێندنی بە زمانی عەرەبی بێت.

**٤.بیر و ڕا و ئایین:** ئایین هۆکارێکی ترە بۆ دروستبوونی جووتزمانیلە کۆمەڵگا و هەروەها لای تاکیش، هەر تاکێک یان هەر کۆمەڵگایەک هەر ئایینێک وەربگرێت ئەوە پێویستە بۆ ڕاپەڕاندنی مەراسیمی ئەو ئایینە فێری زمانی زمانی سرودە ئایینیەکەش ببێت، دەتوانین بڵێین ئەو نەریتە بەسەر ئایینی ئیسلامدا جێبەجێ دەکرێت، چونکە مەراسیمەکانی ئەو ئایینە تەنها بە زمانی عەرەبی جێبەجێ دەکرێن، لەو ئایینەدا ڕێگەنادرێت دەقی قورئان وەربگێڕدرێتە سەر زمانەکانی تر لە مەراسیمی نوێژ و حەجدا، هەروەها خوێندنی دەقە پیرۆزەکە بە زمانە بنەڕەتییەکە پاداشتی زیاترە، بۆیە ئەو نەتەوە ناعەرەبانەی کە ئایینی ئیسلامیان قبوڵکرد، دیاردەی وەرگرتنی زمانی دووەم کەم و زۆر لایان سەری هەڵدا، وەک ( کورد، تورک، مالیزی، ئیندەنوسی.....).

**٥.بە فەرمی کردنی زمانی دووەم:** کاتێک بە هەر هۆکارێک بێ لە وڵاتێک ڕێک ناکەون لەسەر زمانی دایک و پەنا دەبەن بۆ زمانێکی تری دەرەوەی وڵاتەکە وەک زمانی هاوبەش یان فەرمی، جووتزمانی سەرهەڵدەدات. وەک هیندستان کە خاوەنی چەندەها زمانی نەتەوەیی جیاوازە لە ساڵی ١٩٤٧ گەلێ هەوڵ لە ئارا بوو بۆ هەڵبژاردنی زمانێکی نەتەوەیی لەو زمانانەی کە خاوەنی خاکی هیندین، بەڵام سەرینەگرت، بۆیە دواجار ڕازیبوون بە هەڵبژاردنی زمانی ئینگلیزی وەک زمانی هاوبەش. ئەمەش دیاردەی جووتزمانی لە کۆمەڵگای هیندی هێنایە ئاراوە، هەرچەندە ئەم کۆمەڵگایە لە بنەڕەتدا خۆی کۆمەڵگایەکی فرەزمانە.

**٦.جیهانگەرایی و ئابووری و ڕۆشنبیری:** بە جیهانیبوون (عولمە) یەکێکە لە هۆکارە کاراکانی سەردەم بۆ دروستبوونی جوتزمانی، بە تایبەتی لە ئێستادا کە ئینتەرنێت هەموو کوژبنێکی هەسارەی زەوی بەیەک بەستۆتەوە. گەیاندنی هۆکارە ڕۆشنبیرییەکانی بە زۆربەی تاکەکانی جیهان ئاسان کردووە بە شێوەیەکی گشتی ئەم جۆرە گەیاندنە بە ڕێگەی زمانی ئینگلیزی ئەنجام دەدرێت . پاڵنەرێکی تر لە سەردەمی ئەمڕۆ بۆ دروستبوونی جوتزمانی بریتییە لە پاڵنەری ئابووری، هەندێ زمان لە کۆمەڵگای ئێمەدا لە دەستکەوتنی کاردا یارمەتی دەرن وەک( زمانی ئینگلیزی و زمانی عەرەبی...) هەروەک لە ڕاپرسییەکانیش دەردەکەوێت هۆکاری سەرەکی پەنابردن بۆ زمانی ئینگلیزی دەستکەتنی کار و بەجیهانی بوونیەتی .

**٧.خوێندن:** خوێندن و ڕۆشنبیری بە درێژایی مێژوو جوتزمانی دروستکردووە، بەڵام زۆربەی کات تاکەکەسی بوو، ئەمەی ئەمڕۆ دەبینرێلە کاریگەری خوێندن بۆ هێنانە ئارای جوتزمانی گۆڕینیەتی لە تاکەکەسیەوە بۆ کۆمەڵگەیی. کاراترین هۆکار بۆ دروستبوونی جوتزمانی لە ئەمڕۆی کۆمەڵگای ئێمە

بریتییە لە خوێندن بە زمانی دووەم کە ئینگلیزییە. تێڕوانینی کۆمەڵگا بۆ زمانی ئینگلیزی تێڕوانینێکی ئەرێنییە، ئەم تێڕوانینەش بەستراوەتەوە بە بەجیهانبیبوونی ئەم زمانە و وەک سەرچاوەی دارایی کە هۆکارێکە بۆ دەستکەوتنی کار و گرنگی دانی سیاسەتی وڵات بەو زمانە، ئامانجیش لە کردنەوەی قوتابخانەی پڕۆگرامدار بە زمانی ئینگلیزی هەر ئەمەبوو کە کۆمەڵگا هاوشانی کۆمەڵگای جیهانی لە زانست و جیهانگەرایی ئاراستە وەربگری.(شیلان عثمان،٢٠١٧:٢٦٣:٢٦٢:٢٦١:٢٦٠).

## ١-٨.ڕێگاکانی وەرگرتنی جوتزمانی

(مرۆڤ زمانی یەکەم بە شێوەیەکی ئاسایی لە دایکی یان لە یەکەم ژینگەی زمانی وەردەگرێت کە تێیدا پەروەردە دەبێت و گەشە دەکات، ی زمانی دووەمیش لەسەر زمانی یەکەم بنیات دەنێت، بەڵام ئەو ڕێگەیەی کە زمانی دووەمی پێ وەردەگرێت جیاوازە بە شێوەیەکی گشتی لەو ڕێگەیەی کە زمانی یەکەمی پێ وەرگرتووە، لە هەندێ باردا تاک بە ویستی خۆی زمانی دووەم وەردەگرێت و ئامادەیی بۆ وەرگرتنی دەکات، ئەو جۆرەی جوتزمانی پێی دەوترێت جوتزمانی دەستکرد( Artificial Biligualism)، بەڵام لە هەندێ باردا تاک و کۆمەڵگەش دەسەڵاتیان نییە لە ڕەتکردنەوە و وەرنەگرتنی و بەسەریدا دەسەپێ وەک زمانی یەکەم، ئەو جۆرەش پێی دەوترێ جوتزمانی سروشتی (Natural Bilingualism) هەر یەک لەو جۆرەش جۆری تری لێدەبێتەوە بە پێی شوێن و ڕێگەی وەرگرتنەکە).(شیلان عثمان،٢٠١٧:٢٦٣).

### یەکەم:جوتزمانی سروشتی (Natural Bilingualism)

جوتزمانی سروشتی واتە تاک بە ڕێگەیەکی سروشتی زمانی دووەم وەردەگرێت، چونکە لە ژینگە زمانییەکەیدا هۆکاری لە دەسەڵاتی ئەو بەدەر لە ئارادان، کە یارمەتیدەرن بۆ وەرگرتنی زمانی دووەم، ڕێگەی سروشتی کۆمەڵێ جۆری جوتزمانی لێدەبێتەوە، کە بە شێوەیەکی گشتی بەسەر تاکەکەدا سەپێنراوە، ئەم جۆرانەی جوتزمانی دەکرێ کۆمەڵگەیی بن یان تاکەکەسی:

**١.جوتزمانی خێزانی:** ئەم جۆرەی جوتزمانی کاتێک دروستدەبێت کە تاک بڕیاری نییە لە وەرگرتنی، لەبەرئەوەی لە خێزانێک لە دایک دەبێت یان پەروەردە دەبێت کە دوو سیستەمی زمانی جیاوازی تێدا بەکاردێ، بەهۆی جیاوازی سیستەمی زمانی دایک و باوک. بۆ نموونە دایکەکە زمانی کوردی

بەکاردێنێ، بەڵام باوکەکە زمانی تورکی، منداڵەکە بێ ویستی خۆی ڕووبەڕوی دوو سیستەمی جیاواز دەبێتەوە، لەگەڵ دوو سیستەمدا گەشەدەکات لە کۆتایی دا ئەو سیستەمەیان سەردەکەوێت و وەک زمانی بیرکردنەوە (زمانی دایک)قبوڵدەکرێ کە لە ڕووی دەروونیەوە تاکەکە هۆگریەتی.

**٢.جوتزمانی نموونەیی:** ئەم جۆرەی جوتزمانی زۆر دەگمەنە، چونکە زۆر کەم ڕێکدەکەوێ کە تاک دوو سیستەمی جیاوازی زمانی بەهەمان هۆگری دەروونی و مەبەست کارامەیی بەکاربهێنێ. ئەم جۆرەی جوتزمانی واتە پاراوی تەواو هاوسەنگ لە هەردوو زمان لە هەموو کارامەییەکانی زمان بۆ هەموو مەبەستە جیاواز و بارە جیاوازەکان ئەمەش زۆر بە دەگمەنی ڕێکدەکەوێ، بەڵام دەکرێ تاک بەشێوەیەکی پاراو دو زمان یان زیاتر بزانێ، لەگەڵ ئەوەشدا جیاوازی لە بەکارهێنانی ئەو زمانانەدا هەیە، ناکرێ یەکسان بن بەهەمان پلە. ئەم جۆرەی جوتزمانی دەخرێتە خانەی وەرگرتنی سروشتی، لەبەرئەوەی ئەگەر تاک لە تەمەنی منداڵی دوو سیستەمی زمانی وەرنەگرتبێت ناتوانێلە هەردووکیاندا لێهاتوو و کارامە و شارەزا بێت.

**٣.جوتزمانی فەرمی:** لە هەندێ کۆمەڵگەدا دوو زمان بەهەمان ڕادەی یەکتری کاریان پێدەکرێ و وەک زمانی فەرمی لەبەر بوونی دوو نەتەوەی جیاواز، بۆ نموونە لە کەنەدا زمانەکانی (ئینگلیزی و فەڕەنسی) زمانی فەرمین، هەردوو زمان هەمان تایبەتمەندیان هەیە لە بەکارهێناندا لە گشت دەزگاکانی پەرلەمان و حکومەتی کەنەدی، ئەمە لە دەستوری کەنەدی چەسپێندراوە. لە هەر کۆمەڵگەیەکدا ئەگەر دوو زمان بوونیان هەبێت و هەریەک لەو دوو زمانەش قسەکەری تایبەت بە خۆیان هەبێت، بەڵام لە دام و دەزگاکانی حکومەت تەنها کار بە یەکیان بکرێ و ئەوی تر پشتگوێ بخرێت، ئەوا ئەو حکومەتە ڕووبەڕووی مەترسی یەکێتی نیشتیمانی و یەکێتی ڕۆشنبیری و دابڕانی ناسنامەی نەتەوەیی دەبێتەوە، وەک ئەوەی کە لە تورکیا و ئێران و سوریادا بەدیدەکرێت، کە پشت کراوەتە زمانی کوردی و قسە کەرانی، ئەمەش نائارامی بۆ ئەو وڵاتانە دروستکردووە. جوتزمانی فەرمی دەچێتە خانەی جوتزمانی سروشتی لەبەرئەوەی تاک هەرکە لەدایکدەبێت ڕووبەڕووی دوو زمان دەبێتەوە لە کۆمەڵگا، بە تێپەڕبوونی کات هەردووکیان وەردەگرێت. نزیکترین نموونەش تورکمانەکانی هەولێر و مەسیحییەکانی سۆران و شەقڵاوەن.

**٤.جوتزمانی شەقام:** ئەم جۆرەی جوتزمانی دەچێتە ژێر چەتری جوتزمانی سروشتی، چونکە تاک هەرکە چاوی لە کۆمەڵگا دەبێتەوە گوێبیستی چەند زمانێک دەبێت ( بۆ نموونە لە خواردنگە و چایخانەکان و کافتریا و ....) مەرجیش نییە هەموو تاکەکان هەردوو زمانەکە بزانن، لەوانەیە لە

شەقام دوو زمان ببیسترێت، بەڵام لە خوێندن و ڕاگەیاندن تەنها یەک زمان کاری پێبکرێ. وەک شاری کەرکوک لەپێش ڕاپەڕین کە لە شەقامدا زمانی تورکمانی و کوردی و عەرەبی دەبیسترا، بەڵام لە خوێندن و کارە فەرمییەکانی دەوڵەت تەنها زمانی عەرەبی کاری پێدەکرا. (شیلان عثمان،٢٠١٧:٢٦٥:٢٦٤).

## دووەم: جوتزمانی دەستکرد (Artificial Bilingualism)

مەبەست لە جوتزمانی دەستکرد بریتییە لەم جۆرەی جوتزمانی کە بە شێوەیەکی خۆویستانە تاکەکە یان کۆمەڵگا هەوڵی بەدەستهێنانی دەدات، واتە ڕێ و شوێن بگرێتە بەر بۆ فێربوونی، دەکرێ مەبەستی جیاواز لە فێربوونی زمانی دووەمدا هەبێت، وەک مەبەستی بازرگانی یان گەشت و گوزار و خوێندن و هونەر و کاری تایبەت، دەستکەوتی داهات بێتە ئاراوە، جوتزمانی دەستکرد چەند جۆرێکی لێ دەبێتەوە :

**١.جوتزمانی ئەرکی:**ئەم جۆرەی جوتزمانی دەچێتە خانەی جوتزمانی دەستکرد، چونکە تاک بۆ مەبەستی دیاریکراو و ڕاپەڕاندنی ئەرکێکی دیاریکراو زمانی دووەم فێردەبێت، وەک: بازرگان، فەرمانبەری، ڕۆشنبیری، ئایینی،......هتد. هەردوو زمانەکە ڕۆڵی تەواوکەری دەبیننلای تاک(بۆ هەر زمانێک ئەرکێکی تایبەت هەیە، کە زمانەکەی تر تێیدا بەشدار نییە) ئەم جۆرەی جوتزمانی چەند هۆکارێکی جیاواز هەن بۆ دروستبوونی :

**ا. کار و پیشە**: کار و پیشەی دیاریکراو و بازرگانی، وا لە تاک دەکات کە زمانی دووەم فێربێت. ئەم جۆرەی جوتزمانی پێی دەوترێ ( جوتزمانی پیشە) زۆربەی وڵاتانی جیهانی سێیەم ئەم جۆرەی جوتزمانی دەبینرێ وەک کۆمپانیا و نەخۆشخانە و ...... هتد .

**ب.فەرمانبەری و پسپۆڕی**: لە هەندێ شوێندا زمانی دووەم کاری پێدەکرێ لە فەرمانگە حکومی و قوتابخانەکان و هۆڵەکانی خوێندن. بۆ نموونە مامۆستاکان لە پسپۆڕییە زانستییەکاندا لە هۆڵەکانی خوێندندا زمانی ئینگلیزی بەکاردەهێنن، بەڵام لە دەرەوەی پۆل کوردی بەکاردەهێنن، ئەمەش جوتزمانی وەزیفی پی دەوترێت.

**٢.جوتزمانی ڕاگەیاندن:** ئەم جۆرەی جوتزمانی تاک لە ڕێگەی ڕاگەیاندنەوە وەری دەگرێت، دیاردەیەکی تاکەکەسییە نەک کۆمەڵایەتی، کە دەشێ تاکێک فێری زمانی دووەم ببێت بە هۆی ئارەزووی بۆ فیلم و گۆرانی و زنجیرەی دراما. ئەم جۆرەی جوتزمانی ( mass_media bilingualism) ی پێ دەوترێ، کە ڕۆژنامە و بەرنامەی تەلەفزیۆنی و ڕادیۆیی بە دوو زمانی جیاواز دەردەچن، دەکرێ تاکە ڕۆژنامەیەک بە دوو زمان چاپبکرێ، یان دەکرێ کەناڵێک تایبەت بێ بە زمانی یەکەم و کەناڵێکی تر تایبەت بێ بە زمانی دووەم، یان دەکرێ تاکە کەناڵێک بەرنامەکانی بە دوو زمانی جیاواز پەخش بکات، هەروەک لە ئێستای هەرێمی کوردستان و عێراقدا ئەم جۆرەی جوتزمانی دەبینرێت.

**٣. جوتزمانی پەروەردەیی:** جوتزمانی پەروەردەیی بریتییە لەم جۆرەی جوتزمانی کە لە ڕێگەی پەروەردە و فێرکردنەوە تاک فێری دەبێت و خۆویستە، بە تایبەتی ئەگەر زمانی دایک لە کۆمەڵگا ڕێپێدراو بێت( وەک ئەو قوتابخانە ئەهلییانەی کە ئێستا لە هەرێمی کوردستان هەن، پرۆگرامی خوێندن بە زمانێکی بیانییە، لە کاتێکدا زمانی کوردی لە قوتابخانە حکومییەکان زمانی خوێندنە) ئەم جۆرەی جوتزمانی (School Bilingualism)ی پێ دەوترێت.(شیلان عثمان،٢٠١٧:٢٦٦:٢٦٥).

# بەشی دووەم

(چەند بابەتێکی پەیوەست بە گەشەی زمانی منداڵ و هۆکارەکانی کاریگەر لەسەر گەشەی زمانی منداڵ)

## ٢-١.پێناسەی زمان و زمانی منداڵ:

هەندێک لە زماناسان و زانایانی زمان بەم شێوەیە پێناسەی زمان دەکەن :

**چۆمسکی** دەڵێت زمان کۆمەڵە ڕستەیەکە ڕێزمان دەریاندەکات)(عەدنان عەبدوڵلا، ٢٠١٥:٦).

**هۆمبۆلت** ی ئەڵمانی سەبارەت بە زمان دەڵێت( زمان ڕشتەیەکی ئەندامییە کە پێویستە لەسەر ئەم بناغەیە مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت ، زمان بەپێی ئەم پێناسەیە سیستەمێکی ئەندامی و بناغەیی و وێنەیەکی ناوەکییەو پێچەوانەی وێنەی دەرەکی ئاخاوتنە).(عبدالكريم محمد شنطاوي، ٢٠١١:١٣).

**ئینسایکلۆپیدیای فەرەنسی** دەڵێت (زمان بریتییە لە لە چەند نیشانەیەکی لێکدراو کە هەستی جیاواز لە هۆشدا دروست دەکات).(عبدالكريم محمد شنطاوي،٢٠١١:١٤).

**جۆن دیوی** دەڵێت (ئامرازی پەیوەندی کردنە لە نێوان تاکەکانی کۆمەڵ و ڕێکخستنیان).(عبدالكريم محمد شنطاوي،٢٠١١:١٥).

**مۆریس** دەڵێت (زمان بریتییە لە کۆمەڵێک پەیوەندی خاوەن واتای هاوبەش کە هەموو ئەندامەکانی کۆمەڵ دەتوانن پێی بدوێن).(عبدالكريم محمد شنطاوي،٢٠١١:١٥).

**ماکس مۆلەر** بەم جۆرە پێناسەی زمان دەکات و دەڵێت (زمان هێمای دەنگی بڕگەدارە و بە هۆیەوە دەتوانین بیر و باوەڕی خۆمانی پێ دەرببڕین).(عبدالكريم محمد شنطاوي،٢٠١١:١٥).

**ابراهیم انیس** دەڵێت( زمان سیستەمێکی عادەتییە بۆ هێمای دەنگی کە مرۆڤ بەکاری دەهێنێت بۆ پەیوەندی کردن لەگەڵ یەکتردا).(عبدالكريم محمد شنطاوي،٢٠١١:١٥).

کەواتە بەپێی ئەم پێناسانەی سەرەوە بۆمان دەردەکەوێت کە زمان بریتییە لە سیستەمێک کە لە کۆمەڵێک دەنگ پێکهاتووە لە نێوان تاکەکانی کۆمەڵێک دا بەکاردێن تا لەیەکتر تێبگەن و پەیوەندی لەگەڵ یەکتر ببەستن.

وە ئەگەر بێت و پێناسەی زمانی منداڵ بکەین ئەوا دەتوانین بڵێین کە

**زمانی منداڵ** زمانێکە ژمارەی وشەکانی و فریزەکانی کەمن و ڕستەکانی زۆر کورتن، هەروەها زمانێکە فۆنەتیکی تایبەتی لە ئاخاوتندا هەیە، زۆرجار منداڵ دەنگەکان هەڵاوەگێڕ دەکات و پیتی (س) بە (ش) و پیتی (ر) بە (ل) دەدرکێنێت. (نەریمان عەبدولا ٢٠١٦:٣٤).

کەواتە لەو پێناسەیەدا ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە زمانی منداڵ زمانێکە کە تایبەتە بە منداڵان و منداڵ لە تەمەنێکی کەمدا بەکاریدەهێنێت کە کۆمەڵێک تایبەتمەندی هەیە تا دەگاتە تەمەنێک کە بتوانێت بە شێوەیەکی جوان و ڕاست و دروست قسەبکات.

## ٢-٢. تایبەتمەندییەکانی زمانی منداڵ:

لەم تەوەرەدا تایبەتمەندییەکانی زمانی منداڵ دەخەینە ڕوو کە زمانی منداڵ تایبەیمەندییەکانی چین (زمان و بیرکردنەوەی منداڵ لە تەمەنی ٢ساڵییەوە پتر گەشەدەکات و هەموو ڕۆژێک نزیکەی دە وشە فێردەبێت، بە چەشنێ وشەکان هەڵدەگرێ زۆرجار لە شوێنی خۆیدا بەکاریان ناهێنێت).(ڕزگار کەریم،٢٠٢٢:٤). واتە هەڵەدەکات لە بەکارهێنانیاندا و بە تەواوی نازانێت لە شوێنی خۆیان بەکاریان بهێنێت لەبەرئەوەی سەرەتای دەسپێکردنی قسەکردنیەتی و ناتوانێت بە شێوەیەکی جوان و ڕێک و پێک وەکو کەسێکی گەورە بە شێوەیەکی جوان و ڕێزمانی قسەبکات. بۆ نموونە لەوانەیە بڵێ تینوومە بەڵام مەبەست لێی ئەوە بێت کە بڵێت برسیمە، یان بڵێت قەچو مەبەستی ئەوە بێت کە بڵێت چەقۆ یانیش بڵێت پەپیز مەبەستی ئەوەیە کە بڵێت خواحافیز.
(لەم وادەیەدا منداڵ گوتاری خۆویستانەی هەیە و زۆرجار لە وادەی یاری و وازیشدا لەبەرخۆیەوە گفتوگۆ دەکات نەک لەگەڵ کەسانی دیکە بەو ئەندازەیە. چونکە زیاتر لەبەرخۆیەوە قسەدەکات و دەیەوێت باشتر و جوانتر و وشە و دەستەواژەکان دەرببڕێت).(ڕزگار کەریم،٢٠٢٢:٤).

(هەروەها دەزانێ و هەست بەوەدەکات زمان دەسەڵاتە و وشەی (نا) وشەیەکی گرنگە بۆی فێربێت، لەکاتی هاوکاری وەرگرتن لەڕووی زمانەوە بە ئاماژە ئەوە دەردەخات دەیەوێ و نایەوێ. بە تایبەتی وشەی نا زۆر گرنگە بۆ منداڵ بۆ ئەوەی ئەو شتانە ڕەتبکاتەوە کە نایەوێت بیانکات یان حەزی پێیان نییە و بتوانێت گوزارشت لە حەز و ویستەکانی بکات).(ڕزگار کەریم٢٠٢٢:٤).

(لە تەمەنی ٢-٤ ساڵی بە ئاماژە تێدەگات خۆی بگۆڕێ و ئەگەر پارچە پۆشاکێکی لەبەربکرێت خۆی هەندێکی دیکە تێدەگات و دەپۆشێ و دەزانێ).(ڕزگار کەریم٢٠٢٢:٤).

(لە تەمەنی ٣ساڵان منداڵ ڕستەیەکی ٣-٤وشەیی دەبێژێ و زمانی پتر ئامادەیە و لە دەستەواژە سادەکانی بەرانبەر تێدەگات )(ڕزگار کەریم٢٠٢٢:٥). وەک : کەمێک چاوەڕێ بە. ئێستا نا . خواردنەکە خۆشە.

(لە تەمەنی ٣-٤ ساڵان دەپرسێ و پرسیارەکانی ئاراستەی دایک و باوک و پەروەرشیارانی باخچەی ساوایانی دەکات، هەروەها ئەو تەمەنە بۆ منداڵ تافێکی زێڕینە بە تایبەت ئەگەر زمانی دیکە بەدەر لە زمانی دایک فێربێت. هەروەها لە تەمەنی ٤ساڵیدا هەوڵدەدات هەمان ڕستەی گەورەکان بەکاربهێنێت، وێڕای زیادەڕەوی لە بەدەرخستنی وێنایەکی خۆبەدەرخستن و هەڵنان، بۆ نموونە جاری وا هەیە دەڵێت: باوکی من بەهێزترین پیاوی دونیایە...!)(ڕزگار کەریم،٢٠٢٢:٥).

چەندین وشە بەکاردەهێنێ و ئارەزووی قسەکردنی هەیە و تاکە کێشەی ئەوەیە جیاوازی ناکات لە نێوان ئەندێشە و واقیعدا، ئەندێشەی فراوانتر و گەورەترە لە واقیع.

(لە تەمەنی ٥ساڵیدا بە ئاسایی ٢٠٠٠-٣٠٠٠ وشە دەتوانێت دەرببڕێت کە زۆربەیان وشەی قورسن، وێڕای ئامادەسازی ئەو وشانە لە ڕستە و ڕووی ڕێزمانییەوە).(ڕزگار کەریم،٢٠٢٢:٥).

(لە تەمەنی ٦ساڵان گەشتی خوێندنی لە قوتابخانە دەست پێدەکات، زمانیشی گەشەی سەندووە لە باخچەی ساوایانەوە، کاتێک ڕوو دەکاتە قوتابخانە دەبینێت کەش و باری قوتابخانە جیاوازە و ڕۆژانە لە ڕێگەی وانەی زمان و وانەکانی دیکەوە زمان و ئاراستەی بیرکردنەوەی گەشەدەکات).(ڕزگار کەریم،٢٠٢٢:٦).

هەر لە تەمەنی ٦ساڵیدا وردە وردە فێری خوێندنەوە و نووسین دەبێت، سەرەتا بە نووسینی پیتەکان ، دواتر بە نووسینی وشە و کورتە دەق و ناوی خۆی...لەو تەمەنەدا زمانی منداڵ بە شێوەیەکی باش

و تەواو گەشەدەکات و دەتوانێت وەکو قسەکەرێکی ئاسایی هاوزمانی قسەبکات ئەگەر هیچ کێشەیەکی نەبێت.

## ٢-٣. قۆناغەکانی گەشەی زمانی منداڵ

لەم تەوەرەدا قۆناغەکانی گەشەی زمانی منداڵ دەخەینە ڕوو کە بریتین لەو قۆناغانەی کە زمانی منداڵ پێیدا  تێپەڕ دەبێت تا زمانی بە تەواوەتی گەشە دەکات و دەتوانێت وەکو کەسێکی ئاسایی هاوزمانی قسەبکات.

گەشەکردن بە پرۆسەیەکی بەردەوام دادەنرێت، ئەویش پێکهاتووە لە کۆمەڵێک لایەن، یەکێک لەوانە لایەنی زمانییە، واتە زمانیش وەکو هەر شتێکی تر گەشەدەکات. منداڵیش لە گەشەکردنیدا بە چەند قۆناغێکدا تێدەپەڕێت لە هەر قۆناغێک لەو قۆناغانەی کە منداڵ پێیدا تێپەڕ دەبێت . لایەنی زمانی و لایەنەکانی دیکەش لەلای بە شێنەیی گەشەدەکات.

سەرەتای قۆناغی قسەکردنی منداڵ بە قیژە و هاواری بێ هودە دەست پێدەکات ، لەم قۆناغەدا منداڵەکە هیچ مەبەستێکی نییە، بەڵام ئەم قیژاندنە لە یەکێک لە قۆناغەکانی تەمەنیدا گەشەدەکات، تاکو دەگاتە قیژاندنێکی مانادار(دەنگ) و (پیت) و (وشە) و (ڕستە) بەکاردەهێنێت تاکو گوزارشت لە خواستەکانی بکات.

**١ . قۆناغی گەشەکردنی یەک وشەیی کە پێکدێت لە:**

آ. قیژەی لەدایکبوون: منداڵ لەگەڵ یەکەم سات و وەختی لەدایکبووندا دەریدەبڕێت و دەبێت بە نۆبەرەی توانای دەنگ دەربڕین و خاڵی سەرەتای گەشەکردنی زمانی منداڵەکە.

ب. (الصراخ): ئەم کارە لەسەرەتادا بە چالاکییەکی ماسولکەیی دادەنرێت، پاش ماوەیەک دەبێتە کارێکی خۆویستی کە منداڵ بۆ دەربڕینی حاڵەتەکانی خۆی سوودی لێی دەبینێ.

**٢ . قۆناغی ئاخاوتنی تەلەگرافی:**

(براون) و (فریزەر) ناوی زمانی تەلەگرافییان بۆ ئەم قۆناغەی منداڵ داناوە، هەر کە ژمارەی وشەکانی لەلای منداڵ بگاتە پەنجا وشە، مانای وایە بوو بە خاوەنی سەروەتێک لە وشە و ئیتر بە هۆیەوە دەتوانێت گوزارشت لە خودی خۆی بکات.

بەتایبەتی کە تەمەنی دەگاتە دووساڵ لەشی پتەو دەبێت و توانای ڕێکردن و  جوڵانەوەی جێگۆڕکێ پەیدادەکات. ئەمەش یارمەتیدەرە بۆ ناسینەوەی دەوروبەری خۆی. ئەمجا پرسیار لە شتەکان دەکات و وەڵامیان بۆ وەردەگرێت، ئەویش خۆی دەبێتە سەروەتێکی زمانی. لەم تەمەنەدا منداڵ دەستدەکات بە دروستکردنی ڕستەیەک کە تەنها لە دوو وشە پێکهاتبێت. لە پێکهێنان و ئامادەکردنی ئەو ڕستانە دا پەیڕەوی سیستەمێکی تایبەتی دەکات کە لە سیستەمی بروسکە(البرقية) دەچێت. ئەم سیستەمە سەرسوڕهێنەرە تایبەتە بە خودی منداڵەکەوە. بۆ نموونە کاتێک منداڵەکە دەڵێت باوکە قوتابخانەیە ماناکەی لەو میانەدا دەردەکەوێت کە تیایدا ئەم جۆرە دەستەواژانە دێتە بەرهەم. دەشێت مەبەستی ئەمە بێت بڵێت ( باوکە ئەمە قوتابخانەیە) یان (باوکە چووە بۆ قوتابخانە).لەوانەیە منداڵ لە کاتی بەکارهێنانی ئەم زمانە هەندێک ئاماژەش بەکاربهێنێت لە جیاتی ئەو وشانەی کە دەریان نابڕێت.

## ٣. قۆناغی پرسیارکردن:

قۆناغی کۆرپایەتی (الطفولة المبكرة) کە دەکەوێتە نێوان تەمەنی (٢-٦) ساڵییەوە بەوە جیادەکرێتەوە کە منداڵ پرسیارێکی ئێجگار زۆر دەکات. بۆیە بەم قۆناغە دەوترێت قۆناغی پرسیارکردن. زۆرترین پرسیارەکانی منداڵ ئەو جۆرە پرسیارانەیە کە بەهۆیەوە دەیەوێت ئەو شتانەی دەوروپشتی خۆی بناسێتەوە و لەو زانیارییانە تێبگات کە پێدا تێدەپەڕێت.بۆیە لەو قۆناغەدا بەیەکگەیاندنی زمانی (الموصول اللغوي) لەلای منداڵ بەشێوەیەکی گەورە گەشەدەکات.دەستەواژە زمانییەکان لەم قۆناغەدا بەرەو ڕوونی و وردی لە دەربڕین و تێگەیشتن دەڕوات. ئاخاوتنی باشتر دەبێت و قسەکردنی منداڵانەی نامێنێت و زیاتر لە قسەی خەڵکی تر تێدەگات.

لێرەدا دەربڕینی زمانی بە دوو قۆناغدا تێدەپەڕێت:

أ . قۆناغی کورتەڕستە: ئەم قۆناغە لە تەمەنی سێ ساڵیدا دەردەکەوێت. ڕستەکان سادە و بەکەڵکن لە (٣-٤) وشە پێکدێن. هەرچەندە ڕستەکان لە ڕووی پێکهاتەی زمانییەوە دروست نەبێت، بەڵام لە ڕووی ئەرکەوە دروستن و واتاش دەگەیەنن.

ب. قۆناغی ڕستەی تەواو: ئەم قۆناغە لە تەمەنی چوار ساڵی منداڵ دەردەکەوێت ڕستەکانیش لە (٤-٦) وشە پێکدێن و ڕستەی تەواو و واتادارن. لە ڕستەکانی تر ئاڵۆزتر و وردتر دەبن.

## ٤. قۆناغی ڕستە و پێکهاتەی ئاڵۆز:

کاتێک کە منداڵ تەمەنی دەگاتە شەشساڵان نزیکەی ٢٥٠٠ وشە فێردەبێت و ڕادێت لەسەر لێکدانی وشەکان بەپێی ماناکانیان لەناو کورتە ڕستە یان ڕستەی نیمچە تەواو. واتە دەتوانێت ڕەمزە زمانییەکان ببەستێتەوە بە هەڵسوکەوتی دەوروبەری خۆی. پاشان ئەم ڕەمزانە لەناو وشە و ڕستەدا یەک دەگرنەوە. منداڵەکە پەیوەستیان دەکات بە واتاکانیانەوە و دەبن بە ئامرازێکی کۆمەڵایەتی بۆ لەیەکگەیشتن . زانایان وا دەبینن کە دەرکەوتنی ڕستە لەلای منداڵ لە ئەنجامی گەشەکردنی ڕشتەی دەمارەکانیەتی کە ماوە بە منداڵ دەدات نەخشە بۆ ڕستەکانی بکێشێت و بیدرکێنێت پێش ئەوەی لە یادەوەرییەکانی دا نەمێنن. ئەم گەشەکردنە نوێیەش مانای زیادبوونی زانیارییە لەلای منداڵ.

### ٥. قۆناغی بیرکردنەوە و تێگەیشتن:

پێش ئەوەی منداڵ دەستبکات بە قسەکردن، هەر لە سەرەتاوە لە ڕووی بیستن و ئەقڵەوە ئاگاداری ئەو قسەکردنانە دەبێت کە لە چوار دەور و ئەو ژینگەیەی کە تیایدا دەژیت گوێی لێ دەبێت. بەم جۆرە هەوڵدەدات لەو وشە و ناوانەی کە بۆ شتەکان دانراون تێبگات. جا بۆ ئەوەی زمانی منداڵ لە قۆناغی قیژاندنەوە گەشەبکات بۆ وشە و ڕستە پێویستە منداڵەکە پاڵنەرێکی دەروونی بۆ تێگەیشتن و زانیاری تێدابێت. منداڵ کاتێک کە گوێبیستی قسەکردنی دەوروپشتی دەبێت هەوڵدەدات لەو ڕستە و پێکهاتە زمانییانە بگات کە گوێی لێیان دەبێت. پاشان هەڵدەستێت بە لاسایی کردنەوە و وتنەوەیان. ئەمیش مانای وایە کە هێزی ئەقڵی بەکارهێناوە بۆ تێگەیشتن و درک پێکردن پێش ئەوەی فەرمان بدات بە زمانی بۆ گۆکردنیان. گومانی تێدا نییە کە زمان پەیوەندییەکی بەهێزی بە (هزر)ەوە هەیە چونکە قسەکردن بەبێ بوونی ئەقڵ ناکرێت. کاتێک قسەکردنمان لەلا دروست دەبێت کە بمانەوێت ئەو هزرەی لامانە دەری ببڕین. گفتەی وتراو یان بیستراو تەنها ڕوخساری دەرەوەی ئەو هزرانەن. ( عبدالكريم محمد شنطاوي، ٢٠١١:١٢٤ ) .

## ٢-٤.هۆکارە کاریگەرەکان لەسەر گەشەی زمانی منداڵ:

لەم بابەتەدا باسی ئەو هۆکارانە دەکەین کە کاریگەرییان لەسەر گەشەی زمانی منداڵ هەیە و دەتوانرێت بە شێوەیەکی باش و ئەرێنی سوودیان لێ وەربگیرێت بۆ گەشەی زمانی منداڵ. ئەم هۆکارانەی خوارەوە کار لە گەشەکردن و پاراوی و دەوڵەمەندی زمانی منداڵ دەکەن

**١ . تەمەن**: تا منداڵ تەمەنی زیاتر بێت، ئەوەندە سەرمایەی وشە و زمانی زیاتر دەبێت و دەتوانێت زیاتر زاڵبێت بەسەر ڕێزمان و ژمارەی وشەکان و چۆنیەتی دەربڕینیان، واتە منداڵی ٣ساڵ زمانی دەوڵەمەندتر و پاراوترە لە منداڵی ٢ساڵان، بێگومان ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ پەیوەندی بەهێزی نێوان تەمەن و پێگەشتن و کاملی.

**٢ . تەندروستی**: ئەو منداڵەی تەندروستی باش بێت و بەردەوام نەخۆش و لاواز نەبێت، ئەوا چالاکی قسەکردن و یاریکردن بە وشەکانی زیاتر دەبێت و دواجاریش زمانی پاراوتر دەبێت. بەڵام ئەگەر بەردەوام نەخۆش و پەککەوتە و کەم جووڵە بوو ئەو کاتە تاقەتی قسەکردن و یاریکردن بە وشەکانی نابێت و زیاتر سەرقاڵی جەستە و باری تەندروستی دەبێت و سەرمایەی زمان و پاراوی وەک منداڵێکی ئاسایی نابێت.

**٣ . توخم**: دەرەنجامی توێژینەوەکان ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن کە گەشەکردنی زمانی کچ لە کوڕ خێراترە بە تایبەتی لە (٥) پێنج ساڵی یەکەمدا، هەروەها ژمارەی ئەو وشانەی کە کچ دەیزانێت زیاترە لە ژمارەی ئەو وشانەی کە کوڕ دەیزانێت و ڕستەی کچ درێژترە لەو ڕستانەی کە کوڕ بەکاری دێنێ.

**٤ . زیرەکی**: پەیوەندییەکی پتەو هەیە لە نێوان زیرەکی و توانای زمان و دەوڵەمەندی، دەرکەوتووە ئەو منداڵانەی زۆر زیرەک و بلیمەتن زووتر فێری زمان دەبن و زمانیشیان زۆر پاراوتر و دەوڵەمەندترە لە منداڵی ئاسایی، هەروەها منداڵی ئاسایی گەشەکردنی زمانی خێراترە لە گەشەکردنی زمانی منداڵی گەمژە و دەبەنگ و دواکەوتوو، بەڵام ئەمە ئەوە ناگەیەنێت کە هەر چ منداڵێک کەموکورتی لە گەشەکردنی زمانیدا هەبوو ئەوا دەبەنگ و گەلحۆیە بەڵکو کۆمەڵێک هۆکاری تر هەن بێجگە لە زیرەکی کە کار لە گەشەی زمان دەکەن.

**٥ . ژینگەی کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری**: بێگومان ئەو منداڵانەی لە ژینگەیەکی کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری پێشکەوتوودا دەژین زمانیان پاراوتر و دەوڵەمەندتر دەبێت لەو منداڵانەی کە کە لە ژینگەیەکی دواکەوتوودا دەژین، لەبەرئەوەی ژینگەی کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری پێشکەوتوو زیاتر هانی منداڵ دەدات و تاکەکانی ئەو ژینگەیە بەردەوام نموونەی زمان پاراوی دەبن بۆ لاسایی کردنەوەی منداڵەکانیان و هەڵەکانی زمانیان بۆ ڕاستدەکەنەوە و بە ڕاستی هێرە ڕێزمانیان دەکەن و ئامرازەکانی

ڕاگەیاندن و خۆ ڕۆشنبیرکردنی وەک پەڕاو و گۆڤار و ڕۆژنامە و ڕادیۆ و تەلەفزیۆن...هتد، زیاتر لە ژینگەی کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری پێشکەوتوودا هەیە و دەبێتە هۆی دەوڵەمەندی زمانی منداڵەکانیان، بەڵام ژینگەی دواکەوتوو زمانی منداڵ دەشێوێنێ و پشتگیری و هانی منداڵ نادات و هەڵەکانی بۆ ڕاست ناکاتەوە و نموونەی هەڵە و دواکەوتوو دەبن بۆ منداڵەکانیان.

**٦. دەزگاکانی ڕاگەیاندن**: منداڵ لە گرنگترین ئەو توێژە بەرفراوانەیە کە کاتێکی زۆر لە ژیانی ڕۆژانەی بۆ بینینی تەلەفزیۆن تەرخان دەکات، لەبەرئەوە زۆر گرنگە کە تەلەفزیۆن بەرنامە و پرۆگرامەکانی بەشێوەیەکی وا دابڕێژێت کە لەگەڵ ئاستی تەمەن و ژیری و ڕۆشنبیری حەز و ئارەزووی منداڵاندا بگونجێت، منداڵان ژن و پیاوی دوارۆژن و بەرپرسیارییەتی پاراستن و گەشەپێدانی وڵات دەکەوێتە ئەستۆیان، هەر لەبەر ئەمەشە کە بەردەوام دەزگا و دامەزراوەکانی ڕادیۆ و تەلەفزتۆن و ڕۆشنبیری منداڵ لە هەوڵی ئەوەدان کە باشترین بەرنامە و پرۆگرام بە زمانێکی دەوڵەمەند و سادە و ساکار پێشکەش بە منداڵان بکەن تا لە ڕێگایانەوە بەشداری لە گەشە پێدانی جەستەیی و کۆمەڵایەتی و زمانەوانی منداڵدا بکەن و خۆشی و شادی بخەنە ناو دڵ و دەروونیانەوە.

**٧. گۆڤار و چیرۆک و نووسراو و بڵاوکراوەکانی منداڵان**: گۆڤار و ڕۆژنامە و چیرۆک و فەرهەنگ و چاپکراوەکانی تر خزمەتێکی گەورە بە زمانی منداڵ دەکەن، بە مەرجێک وشە و ڕستە و دەستەواژەکانیان بۆ تەمەنی منداڵ گونجاو بێت و بەشێوەیەکی ستاندەر و نزیک لە شێوازی قسەکردنی منداڵان داڕێژرابن.

ئەم هۆکارانە و کۆمەڵێک هۆکاری تر کەم تا زۆر کاریگەرییان هەیە لەسەر گەشەی زمانی منداڵ کە وابکەن زمانی منداڵ زیاتر گەشە بکات و بەرەو پێش بچێت و فەرهەنگی وشە و زاراوەی دەوڵەمەند بێت.(د.کەریم شەریف قەرەچەتانی،٢٠٠٠:١٣٦).

# بەشی سێیەم

## (وەرگرتن و شیکردنەوەی چەند نموونەیەکی گوتن و نووسینی منداڵ لەو تەمەنەدا)

لەم بەشەدا چەند نموونەیەکی گوتن و نووسینی منداڵ لەو تەمەنەدا دەهێنینەوە بۆ ئەوەی لە ڕێگەی دیاریکردنی وشە و زاراوە بێگانەکان لە ئاخاوتنی منداڵەکاندا ئەوە بخەینە ڕوو، کە زمانی بێگانە بەتایبەت ئێستا زمانی ئینگلیزی کاریگەری ڕاستەوخۆی بەسە ر زمانی منداڵ هەیە، بۆ ئەم مەبەستە سەردانی چەند دایەنگەیەک و باخچەیەکی منداڵانمان کرد و قسەمان لەگەڵ منداڵەکان کرد تاکو بزانین کە تا چەند کاریگەری فرەزمانییان لەسەرە و کاریگەری ئەو فرەزمانییە لە چ ئاستێکدایە و بە چ ئاراستەیەکە، ئایا منداڵ بە گشتی چۆن مامەڵە لەگەڵ ئەو فرەزمانییە دەکەن و کاریگەری لەسەر زمانی دایکیان دەبێت یان نا. بۆ وەڵامی ئەو پرسیارانە چەند منداڵێکمان دواند کە تەمەنیان لە نێوان (٢-٦) ساڵ بوو وە کاریگەری فرەزمانییان لەسەر بوو.

### ١ . باران

باران کوڕێکی ژیکەڵە و جوان بوو کە تەمەنی پێنج ساڵ بوو وە کاریگەری زمانی ئینگلیزی لەسەربوو، لەگەڵ باران ئاماژەمان بە ئەندامەکانی جەستە دەکرد کە ئەو شوێنە کوێیە و ناوی چییە، وە هەندێک میوەمان پیشاندا کە ناویمان پێ بڵێت کە ئەمەش گفتوگۆکەمانە لەگەڵ باران

- ناوت چییە؟
- باران
- باران ئەوە چییە؟ (دەست)
- هاند
- ئەوە چییە؟ (چاو)
- ئەوە ئایسە
- ئەوە چییە؟ (لووت)
- ئەوە نۆسە
- ئەوە چییە؟ (دەم)
- ماوس
- ئەی ئەوە؟ (لێو)

- ئەوە لیپە
- ئەوە چییە؟(قژ،پرچ)
- ئەوە هێرەکەیە
- ئەوە چییە؟ (قاچ)
- ئەوە لێگە
- ئەوە چییە؟(گەردن)
- ئەوە چینە
- ئەوە چییە؟ (گوێ)
- ئەوە ئێرەکانە (ئێرس، گوێیەکان)
- ئەوە چییە؟ (مۆز)
- بەنانە
- ئەوە چییە؟(سێو)
- ئەپڵ
- ئەوە چییە؟
- ئۆیەنج(ئۆرەنج)

## ٢. ئاسینات

ئاسینات کچێکی جوان و ژیکەلە بوو کە تەمەنی سێ ساڵ بوو وە کاریگەری زمانی ئینگلیزی لەسەربوو. لەگەڵ ئاسینات لە ژوورێکی باخچەکە بووین کە کۆمەڵێک وێنە و شێوەی ڕەنگاوڕەنگی تێدابوو ، لێمان دەپرسی کە ئەو وێنەیە یان ئەو شێوەیە چییە و چ ڕەنگێکە وە ئەویش وەڵامی دەدایەوە. ئەمەش گفتوگۆکەمانە لەگەڵ ئاسینات

- ناوت چییە؟
- ئاسینات
- ئەو جلەی بەرت چ ڕەنگێکە؟
- گرین و پۆپێل (پێرپڵ)
- ئەوە چییە؟ (وێنەی پێ)

- ئەوە پێ پێ
- ئەی ئەوە چییە؟(وێنەی دەست)
- دەستە
- دەستەکە چ ڕەنگێکە؟(وێنەی چەند دەستێکی ڕەنگاوڕەنگ بوو)
- پۆپێلە (پێرپڵە)
- دەستەکەی تر چ ڕەنگێکە؟
- گرینە
- ئەی دەستەکەی تر؟
- پرکالییە(پرتەقاڵی)
- ئەو وێنەیە چییە؟( شیوەی دڵ)
- ئەوە هارتە
- دڵەکە چ ڕەنگێکە؟
- گرین
- ئەی ئەوەی تر؟
- بڵو
- ئەی دڵەکەی تر؟
- یەڵۆ
- ئەوە چییە لەبەرتە؟
- درێسە

## ٣. شانیا

شانیا کچێکی جوان و شیرین بوو تەمەنی دوو ساڵ و نیو بوو وە کاریگەری زمانی ئینگلیزی لەسەربوو، وێنەی هەندێک میوەمان پیشانی شانیا دا و پرسیاری ناوی میوەکانمان کرد و داوامان لێی کرد ڕەنگی هەندێک شتمان پێ بڵێت و وە دواتر داوامان لێی کرد کە ژمارەکانمان بۆ بژمێرێت. ئەمەش گفتوگۆکەمانە لەگەڵ شانیا

- ئەوە چییە؟(سێو)

- ئەپڵ
- ئەوە چییە؟(مۆز)
- ئەنانە (بەنانە)
- بەنانە؟
- یەس
- ئەوە چ ڕەنگێکە؟(سوور)
- ڕێد
- ئەوە چ ڕەنگێکە؟ (سپی)
- وات (وایت)
- ئەوە چ ڕەنگە؟(سەوز)
- گرین
- ئەوە چییە؟(چاو)
- ئاس
- ئەوە چییە؟(لووت)
- نۆس (نۆوس)
- دەتوانی ژمارەکان بڵێی؟
- یەس
- دەی بزانم؟
- وەن، تو، فی(ثری)، فۆ، فاف(فایڤ)

## ٤. تاله

تاله کچێکی جوان و زیرەک بوو تەمەنی دوو ساڵ و نیو بوو وە کاریگەری زمانی ئینگلیزی لەسەر بوو. پرسیاری هەندێک شتی دەوروبەری و هەندێک ڕەنگمان لە تاله کرد و ئەویش وەڵامی دەدایەوە. ئەمەش گفتوگۆکەمانە لەگەڵ تاله

- ناوت چییە؟
- تاله

- ئەوە چییە؟ (وێنەی چەند دەستێکم پیشاندا)
- هاند
- چ ڕەنگێکە؟
- یەڵۆ
- ئەی دەستەکەی تر؟
- ڕێدە
- ئەی دەستەکەی تر؟
- گرین
- ئەی ئەوە چییە؟(شێوەی دڵ)
- ئەوە هارتە
- چ ڕەنگێکە؟ (چەند دڵێکی ڕەنگاوڕەنگ بوون)
- بلۆ
- ئەی ئەوەی تر؟
- نانجی
- ئەی دڵەکەی تر؟
- پینک
- چیتر؟
- ئاند پێپل(پێرپڵ)
- ئەوە وێنەی چییە لەسەر جلەکەت؟(میکی ماوس)
- ئەوە کی ماس پاپی( پاپای میکی ماوس)
- چ ڕەنگێکە؟
- ئەوە بلاکە
- چیتر؟
- ڕێد
- چیتر؟
- ئەوەش وایتە.

## ٥. میر

میر کوڕێکی جوان و ژیکەڵە بوو تەمەنی سێ ساڵ بوو، کاریگەری زمانی فارسی و کوردی ڕۆژهەڵاتی لەسەربوو. پرسیاری شتەکانی دەوروبەری و ڕەنگەکان و هەندێک شتی ترمان لە میر کرد وە ئەویش وەڵامی داینەوە. ئەمەش گفتوگۆکەمانە لەگەڵ میر

- ناوت چییە؟
- میر
- ئەوە چییە لە دەستت؟(مۆبایل)
- گوشی
- چی پێ دەکەی؟
- بازی پێدەکەم (یاری)
- ئەوە چ ڕەنگێکە؟(سەوز)
- سەبز
- ئەوە چ ڕەنگێکە؟(شین)
- ئابی
- ئەی ئەوە چ ڕەنگێکە؟(پەمەیی)
- سورەتی
- ئەوانە چین؟(یاری)
- ئەسباب بازین
- ئەوە چییە؟(ئایپاد)
- تابلێت
- ئەوە چییە؟(پاسکیل)
- دووچەرخە

## ٦. گۆنا

گۆنا کچێکی جوان و شیرین بوو تەمەنی چوارساڵ و نیو بوو وە کاریگەری زمانی ئینگلیزی لەسەربوو. گۆنا کۆمەڵێک قەلەم ڕەنگی لەلابوو ئێمەش پرسیارمان لێی کرد کە ڕەنگەکانی بڵێت وە پرسیاری ئەوەشمان لێی کرد کە ژمارەکانمان پێ بڵێت وە ئەویش وەڵامی داینەوە. ئەمەش گفتوگۆکەمانە لەگەڵ گۆنا

- ئەوە چ ڕەنگێکە؟(پرتەقاڵی)
- ئۆرەنج
- ئەوە چ ڕەنگێکە؟(شین)
- بلۆ
- ئەی ئەوە؟(سوور)
- ڕێد
- ئەی ئەوە چ ڕەنگێکە؟(پەمەیی)
- پینک
- ئەی ئەوە؟(زەرد)
- یەڵۆو
- ئەی ئەوەیان؟(سەوز)
- گرین
- ئەی ئەوە؟(ڕەش)
- بلاک
- ئەی ئەوە؟(سپی)
- وایت
- گۆنا ئەوە چەندە؟(یەک)
- وەن
- ئەی ئەوەندە؟(دوو)
- تو
- ئەی ئەوەندە؟(سێ)
- ثری
- ئەی ئەوەندە؟(چوار)

- فۆڕ
- ئەی ئەوەندە؟(پێنج)
- فایڤ

### ٧. ڕۆنیا

ڕۆنیا کچێکی جوان و شیرین بوو تەمەنی پێنجساڵ بوو، کەریگەری زمانی ئینگلیزی لەسەر بوو . پرسیاری ژمارەکانمان لە ڕۆنیا کرد لەگەڵ ناوی هەندێک میوە و هەندێک ڕەنگ وە ئەویش وەڵامی داینەوە.ئەمەش گفتوگۆکەمانە لەگەڵ ڕۆنیا

- ناوت چییە؟
- ڕۆنیا
- ڕۆنیا ئەوە چ ڕەنگێکە؟(پەمەیی)
- پینک
- ئەی ئەوە؟(شین)
- بلو
- ئەی ئەوە؟(سەوز)
- گرین
- دەزانی ئەوە چەندە؟(دوو)
- تو
- ئەی ئەوەندە؟(سێ)
- فری
- ئەی ئەوەندە؟(چوار)
- فۆڕ
- ئەی ئەوەندە؟(پێنج)
- فایڤ
- ئەی ئەوەندە؟(شەش)
- سکس

- ئەوە چییە؟(سێو)
- ئەپڵ
- ئەوە چییە؟(مۆز)
- بەنانە
- ئەوە چییە؟(پرتەقاڵ)
- ئۆرەنج
- ئەوە چییە؟(دەست)
- هاند
- ئەی ئەوە؟(چاو)
- ئایس

## ٨. گەلا

گەلا کچێکی جوان و ژیکەڵە بوو تەمەنی سێ ساڵ و نیو بوو وە کاریگەری زمانی ئینگلیزی لەسەر بوو. پرسیاری ڕەنگەکان و شتەکانی دەوروبەری و میوەکانمان لە گەلا کرد و ئەویش وەلامی داینەوە. ئە،ەش گفتوگۆکەمانە لەگەڵ گەلا

- ناوت چییە؟
- گەلا
- گەلا ئەوە چییە؟(سێو)
- ئەپڵ
- ئەوە چییە؟(مۆز)
- بەنانە
- ئەوە چ ڕەنگێکە؟(پەمەیی)
- پینک
- ئەی ئەوە؟(سەوز)
- گرین
- ئەی ئەوە؟(زەرد)
- یەلۆ

- ئەی ئەوە؟(شین)
- بلو
- ئەی ئەوە؟(ڕەش)
- بلاک
- ئەی ئەو ڕەنگە؟(سپی)
- وایت
- ئەی ئەوە؟(سوور)
- ڕێد
- ئەوە چییە گەلا؟(دەست)
- هاند
- ئەوە چییە؟(پرچ)
- هێر
- ئەوە چییە؟(چاو)
- ئایس
- ئەی ئەوە؟
- نۆس

## ٩. ڤیار

ڤیار کچێکی جوان و شیرین بوو تەمەنی شەش ساڵ بوو وە کاریگەری زمانی ئینگلیزی لەسەر بوو. پرسیاری ڕەنگەکان و ناوی میوەکان و ئەندامەکانی جەستەمان لە ڤیار کرد وە ئەویش وەلامی داینەوە. ئەمەش گفتوگۆکەمانە لەگەڵ ڤیار

- ناوت چییە؟
- ڤیار
- ڤیار ئەوە چییە؟(دەست)
- هاند
- ئەوە چییە؟(پرچ)
- هێر

- ئەوە چییە؟(قاچ)
- لێگ
- ئەوە چییە؟(دەم)
- ماوث
- ئەوە چ ڕەنگێکە ڤیار؟(شین)
- بلو
- ئەوە چ ڕەنگێکە؟ (پەمەیی)
- پینک
- ئەوە چ ڕەنگێکە؟(سوور)
- ڕێد
- ئەوە چییە ڤیار؟(سێو)
- ئەپڵ
- ئەی ئەوە؟(پرتەقاڵ)
- ئۆرەنج
- ئەی ئەوە؟(مۆز)
- بەنانە
- ئەی ئەوە؟(شلیک،فراولە)
- سترۆبێری
- ئەی ئەوە؟(ترێ)
- گرایپس

## ١٠. ڕەها

ڕەها کچێکی جوان و شیرین بوو تەمەنی چوار ساڵ بوو وە کاریگەری زمانی ئینگلیزی لەسەربوو. پرسیاری ڕەنگەکان و میوەکان و هەندێک شتمان لە ڕەها کرد و ئەویش وەڵامی داینەوە. ئەوەش گفتوگۆکەمانە لەگەڵ ڕەها

- ناوت چییە؟
- ڕەها

- ڕەها ئەوە چ ڕەنگێکە؟(پەمەیی)
- پینک
- ئەی ئەوە؟(ڕەش)
- بلاک
- ئەی ئەوە؟(سەوز)
- گرین
- ئەی ئەوە؟(مۆر)
- پێپل
- ئەی ئەوە؟(سوور)
- ڕێد
- ئەوە چییە؟(سێو)
- ئەپڵ
- ئەی ئەوە؟(مۆز)
- بەنانە
- ئەوە چییە؟(چاو)
- ئایس
- ئەوە چییە؟(دەست)
- هاند
- ئەی ئەوە؟(گوێ)
- ئێرس
- ئەی ئەوە؟(ددان)
- تیث
- ئەی ئەوە؟(لووت)
- نۆس

## ئەنجام:

لە ئەنجامی ئەم تویژینەوەیە گەیشتینە ئەو خاڵانەی خوارەوە:

١- زمانی کوردی وەک هەر زمانێکیتر بە شیوەیەکی گشتی کاریگەری لەسەر زمانی کوردی هەبووە، بەتایبەت زمانی منداڵ.

٢- زمانی ئینگلیزی کاریگەری زیاتری هەیە لە زمانی عەرەبی لەسەر گەشەی زمانی منداڵی کورد لە ئێستادا.

٣- ئەو منداڵانەی تەمەنیان لە (٤-٦)ساڵیە واتە لە قۆناغی باخچەن کاریگەرییەکە بە روونی لەسەریان دیارە و ناتوانن خۆیان لیی دەرباز بکەن زۆرجار کاریگەرییەکە بەشیوەیەکە، کە وا هەستی پیکرا ئەو منداڵانە لە فەرهەنگەکەیان وشە کوردییەکان هەر بوونی نییە نەک بوونی هەبێت و ئینگلیزی بەکاربێنن.

٤- کاریگەری زمانی بێگانە لەسەر زمانی منداڵەکان لە هەموو روویەکەوە هەستی پێکرا، بەڵام لە لایەنی وشە و فەرهەنگەوە زەقتر دیاربوو، بە تایبەت لە بابەتی رەنگەکان و ژمارە و شێوە ئەندازەییەکان.

٥- لەبەر ئەوەی لە قۆناغە منداڵ توانای نووسین و داڕشتنی نییە ناتوانرێ بە وردی ئەو کاریگەرییە لە بواری داڕشتن دەستنیشان بکرێ، بەڵام بێگومان ئەو منداڵانە ئەگەر بە شێوازێکی دروستی دەربرین بە زمانی کوردیش نووسینێک بنووسن یان چیرۆک و رووداویک بگێڕنەوە لەبەکارهینانی وشە و زاراوەکان پەنا دەبەنەوە بەر زمانی ئینگلیزی.

## لیستی سەرچاوەکان


١. سەلام ناوخۆش، ستاندەربوونی زمانی کوردی لە نێوان زمانی سیاسەت و سیاسەتی زمان، چاپخانەی منارە، چاپی یەکەم، ٢٠١٠ هەولێر.

٢. ئیسماعیل زارعی، زمان،وەرگێران و پەیوەندی کولتوورەکان ، چاپخانەی موکریانی،٢٠٠٧ هەولێر.

٣. سەلام ناوخۆش، ئەفسانە و ئایدۆلۆژیا و زمان ، ٢٠١٣نوسینگەی تەفسیر.

٤. د.بێستوون حەسەن ئەحمەد،کۆمەڵە وشە و پێکەوەهاتن لە زمانی کوردیدا ، چاپخانەی لەریا ٢٠١٢

٥. نەریمان عەبدولا خۆشناو ، زار و زمان ، چاپی سێیەم، چاپخانەی هیڤی ٢٠١٦ .

٦. دڵنیا نوری عبدالله، ستراتیژییەتی فێربوونی زمانی دووەم(خوێندنی بنەڕەتی بە نموونە)، ماستەرنامە، زانکۆی سەلاحەدین ٢٠١٥ .

٧. شادان شوکر سابیر، زمان تێکەڵکردن لە ئاخاوتندا(شاری هەولێر بە نموونە) ، ماستەرنامە، کۆلیژی زمان،زانکۆی کۆیە، ٢٠١٣ .

٨. پەیمان حسن محمد، پەیوەندی نێوان زمان و کەلتوور (لێکۆڵینەوەیەکی وەسفی-شیکارییە) ماستەرنامە، ٢٠١٠ .

٩. یادکردنەوەی ڕۆژی جیهانی زمانی زگماک بڵاوکراوەی ئەکادیمیای کوردی، هەولێر ٢٠١٣ .

١٠. د.بەهائەدین جەلال، شەڕی زمان و سیاسەتی زمانەوانی ، دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریان، هەولێر، ٢٠١٢ .

١١. د.کەریم شەریف قەرەچەتانی ، سایکۆلۆژیای زمانی منداڵ(قۆناغی پێش چوونە قوتابخانە) ، ٢٠٠٢ .

١٢. د.کەریم شەریف قەرەچەتانی ،سایکۆلۆژیای گەشە(منداڵ و هەرزەکار)، کۆلیژی پەروەردەی بنەڕەتی/زانکۆی سلێمانی، ٢٠٠٩ .

١٣. ناهیدە ڕەحمان خەلیل، زمانپێزاندن و دیاردە سایکۆ-فۆنۆلۆژییەکانی زمانی کوردی ، ماستەرنامە، زانکۆی سلێمانی ٢٠١٣ .

١٤. عەدنان عەبدوڵلا عبدولوەهاب، وەرگرتنی زمان لای منداڵ ، ماستەرنامە، زانکۆی سلێمانی ٢٠١٥ .

١٥.كاروان جومعه ڕەحیم-هەژار حوسێن والی، جووتزمانی و ناسنامەی کۆمەڵایەتی، بەشی زمانی کوردی ،زانکۆی چەرموو ٢٠٢٠ .
١٦.عبدالكريم محمد شنطاوي، گەشەکردنی زمانی منداڵ ،و:پ.ی.د. ئازاد ئەمین باخەوان-ناصح محمد ،چاپخانەی کارۆ، چاپی یەکەم ٢٠١١ .
١٧.هیوا مەولود عەبدوڵلا، ئەنالۆژیای کۆدگۆڕینەوە لە زمانی کوردیدا ،ماستەرنامە،سکولی زمانی زانکۆی سلێمانی،٢٠١٦ .
١٨.م.ی. شیلان عثمان عبدالحمن،جووتزمانی و کاریگەری زمانی دووەم لەسەر زمانی دایک(بە نموونەی زمانی دەرچووانی قۆناغی (بنەڕەتی/ئامادەیی) زمانی کوردی زمانی (دایک) و زمانی دووەم(ئینگلیزی) ،مجلة الاستاذ، عدد خاص باللغة الكردية للمؤتمر العلمي الخامس لسنة ٢٠١٧م،
١٩.ویکیپیدیا، ئینسایکلۆپیدیای ئازاد .
٢٠. https://youyube.com/watch?v=eUCa-JQL-OK&feature=share
٢١. https://youtube.com/watch?v=kM5R6OOLxUI&feature=share
٢٢. https://youtube.com/watch?v=3A1AiQeTec&feature=share
٢٣.د.نەوزاد ئەنوەر عمر-م.تەلار صباح عمر، ململانێ و بەریەککەوتنی زمانەکان و کاریگەرییان لەسەر زمانی دایک ، د.نەوزاد ئەنوەر عمر-م.تەلار صباح عمر، بەشی زمانی کوردی زانکۆی کۆیە.